# بیلئیجماع کراینەوە بەعێراقی



بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com

کە یەکێك سەودایەك دەکات و پێیوایە قازانجی کردووە، زۆر بەپەلە مەیدانەکە بەجێ دەهێڵێ و ئاوڕیش دەداتەوە داخۆ کابرا بەدوایدا نەهاتووە !

نازانم پەرلەمانی ئێمە بۆ هێندە بەپەلە قسەی لەسەر دەستووری عێراق بەدەست هەڵبڕینێکی فەوری کۆتایی پێهێنا و راگەیەنرا کە بیلئیجماع پەسندیان کردووە، وەك بڵێی لەوە بترسێن عارەب لێمان پەشیمان ببنەوە ! !، جارێ لە حیکمەتی ئەوە تێناگەم بۆ دەبێ هەر بیلئیجماع بێت؟ ئایا بەڕاستی پەرلەمانی ئێمە لەوباوەڕەدایە کە ئەگەر بیلئیجماع نەبێت لە مەیلی برا چاو رەشەکانمان کەم دەبێتەوە؟ ئەی باشە بۆ بەزۆرینە نەبێت؟ هەڵوێستی ئەمجارەی پەرلەمان هێندە چاوەڕوانکراوبوو کە تەنانەت گۆشەی (هەواڵی چاوەڕوانکراو)ی رۆژنامەی (خەبات)یش دەیزانی، ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەندێ لە پەرلەمانتاران لەملا و لا زۆر گلەییان لە دەستوورەکە کردووە، ئەی چۆن دەنگیان پێدا؟ بۆ داوای ماوەیەکیان نەکرد بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر دەستوورەکە تا لانیکەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان رەشنووسەکە بخوێننەوە و لێی تێبگەن و بۆیان شی بکرێتەوە دواتریش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و رای خۆیان بدەن، تۆ بڵێی چەند ئەندامی پەرلەمان بەوردی و بەچاوێکی رەخنەگرانەوە رەشنووسەکەیان خوێندبێتەوە؟ هەموو ئەوانەش لە کاتێدایە کە خودی سەرۆکی کوردستان لەو نامەیەدا کە بۆ پەرلەمانی ناردبوو ئەوەی درکاندبوو کە هەموو مافەکانی ئێمەی تێدانییە، کەواتە دەبوایە لانیکەم پەرلەمان قسە لەسەر ئەو شتانە بکات کە لە دەستوورەکەدا نین و داوای ماوەیەکی کردبایە، هەمووشمان بینیمان چۆن لەبەر خاتری سوننە ماوەکە کەوتە درێژ بوونەوە، تۆ بڵێی خاتری ئێمە نەگرن؟ سەیرە کە پەرلەمانی کوردستان رەشنووسەکە پەسند دەکات و دواتر لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی کوردستان، سێ پێشنیار رەوانەی بەغدا دەکات! کە تۆ پەسندت کرد چۆن چاوەڕێی گۆرانکاریی دەکەی؟ کە تۆ بەوەندە قایل بیت بۆ پێتوایە بەرامبەرەکەت زیاترت دەداتێ؟ دەبوایە پەرلەمان ئەو سێ پێشنیارە بکاتە مەرج و دواتر بڕیار بدات.

ئایا پەرلەمانی کوردستان نەیویست بپرسێ ئەرێ چۆن لایەنە عێراقییەکان بەوە قایلن کە عێراق فیدراڵی بێت کەچی قبوڵ ناکەن ناوی عێراق (کۆماری عێراقی فیدراڵ)بێت؟ ئەو ناوەی کە راگەیاندنی کوردی مێشکی ئێمەی پێ پڕ کردووە و لە رەشنووسی دەستووردا مۆری (باطل شد)یان لەسەردا.

ماوەیەك پێش ئێستا لە رۆژنامە رەحمەتییەکەی ئاشتی لە تاران، وتارێکم بەناونیشانی (کورد و ترە کەڵەکی عێراقی فیدراڵ)بڵاوکردەوە، ئەوەتا بەداخەوە قسەکەم هاتەدی و ترە کەڵەکەکە رووخا، تکایە راگەیاندنی کوردیش چیدیکە ئەو قەوانە لێمەدەن، ئیدی ئێمە بووینە هاوولاتی کۆماری عێراق...

ئێستا هەندێ رۆشنبیر بوونەتە پاڵەوانی شاشەی TV و رووپەڕی رۆژنامەکان و هەزار و یەك بیانوو بۆ ئەوە دێننەوە گوایە ئەم دەستوورە نیعمەتێکە لە خواوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەوەش لە کاتێکدایە ئەو رەشنووسە کۆتایی بەئاواتەکانی (نەوەی دوای راپەڕین) و 15 ساڵ بەختەوەری دەهێنێ، یان لانیکەم تا دەرفەتێکی زۆر دوور دوای دەخات، بۆ گلەیی لە خەڵك دەکەن کە باوەڕی بە عارەب نەمابێ و نیگەران بێت؟ من یەکێکم لەوانەی بە زەڕەبینیش تۆزقاڵێك ئینتیما بۆ عێراق لە وجودمدا نابینم و باوەڕەم بە دۆستایەتییەکەشیان نییە. ئایا ئەمە تاوانە؟ باشە برا ئۆپۆزسیۆنەکانمان کە گەیشتنە دەسەڵات چ بەڵێنێکیان بەجێ هێنا؟ لەپەنای تەوافوقدا چەند فاوڵی جافەریمان بینی؟ کێ دەتوانێ بڵێ عارەبێك کە بەو رووخاوییە دان بە کوردستانی بوونی کەرکووکدا نانێت سبەینێ کە بەهێز بوو دانی پێدا دەنێ؟ تکایە چیدی دروشمی بریقەداری برایەتیی کورد و عارەب و عێراقی فیدراڵ بەگوێی مندا مەدەن، تا حوشتر بەکونی دەرزیدا نەچێ عارەب نابنە برای ئێمە.

پەرلەمانی ئێمە بیلئیجماع دەنگی بە دەستوورێك دا کە ئەگەر لە راپرسیدا دەنگی بۆ بدرێ بەکەمترین (مارەیی) ئێمە لە عێراقی عارەب مارە دەکاتەوە، ئیتر با هەر هاوار بکەین و بڵێین (کورد دەڵێ منیان دا بەشوو ... هەرچەندە بە دڵیشم نەبوو) !

- دەستوورێك دیباجەکەی لە خوتبەی جومعەی ئاخوندێك زیاتر نزیکە نەك دەقێکی یاسایی و عێراق بەرەو ویلایەتی فەقیهی شیعە دەبات.
- دەستوورێك کۆتایی بەو شەراکەتە دەهێنێ کە جاران دەگوترا (کورد و عەرەب لەم وڵاتەدا شەریکن).
- دەستوورێك کە ناوی پێشمەرگە دەکاتە گاردی هەرێم.
- دەستوورێك کە ناوی شیعە و زۆنگاوەکانی دەخاتە پێش کورد و هەڵەبجە و ئەنفال.

ـ دەستوورێك كە گوندی بەشیری پیَ لە 4500 گوندی كوردستان موقەدەستر بێت.

ـ دەستوورێك كە دیسان مەسەلەی كەركووك دەكاتە (شیردا بۆ داپیردا) و تاساڵی 2007 دوای دەخات، بیَ ئەوەی پێمان بڵیَ ئەو كاتە چی دەكریَ و كورد چی پیَ دەكریَ؟ لە كاتێكدا لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتدا رێگەی پێدابووین پەناببەینە بەر UN، باشە ئەگەر ئەمجارە گەیشتینە بنبەست ئەم دەستوورە رێگای كوێمان پێشان دەدات؟ ئەیا كەركووك دەكاتە هەرێمێكی فیدراڵ؟ یان دەبێتە هۆی ئەوەی كورد كەركووك بكاتە بیانووی پابەند نەبوون بەدەستوور و لە عێراق جیابێتەوە. ئایا ئەو كاتە شیعە و سوننە وەك ئێستا دەبن؟ ئایا دەرفەتی ئەوەمان دەدەنیَ هەناسەی ئازادی هەڵمژین؟ من دەڵێم نا. عەرەب بەشیعە و سوننەوە قەت هێندەی ئێستا باركەوتوو نەبوونە و زەحمەتە جارێكی تریش ئاوا لاواز ببنەوە.

لەبیریشمان نەچێت ئەو تەوافوقەی مێشكی ئێمەی پیَ پڕكرا ئەویش كۆتایی هات و دەستوور باسی تەوافوق ناكات، بەڵكو لە هەمووشتەكاندا حیسابی زۆرینە دەكات، زۆرینەش عەرەبی شیعەیە و دیارە بەرەو كویَ دەچیَ و بڕیار و یاسایەكان چۆن دەبن، ئەگەر دەستوور باسی ئەوەی كردبا كە حكومەت بەتەوافوق پێكدەهێنرێت ئەوە دەبوایە كەمێك دڵمان بەوە خۆش بێت كە چەند وەزیرێكی كورد لە بەغدا دەبن، بەڵام ئەو تەوافوقەش وەبن زۆرینە دەكەویَ و زۆرینەش وەزیر ناداتە ئێمە.

تەنها شتێك كە لەو دەستوورەدا دڵم پێی خۆشە ئەوەیە كە رستەی (الشعب العربي فية جزء من الامة العربية) زۆر عارەبەكانی توورە كردووە، بەڵام من بەوە دڵخۆشم كە عێراق دەوڵەتێكی عەرەبی نەبێت و عارەب خەمی ئەوەیانە عێراق ببێتە دەوڵەتێكی ئێرانی! ! ئەوە كۆتایی ئەو ترە كەڵەكەیە كە پێمان دەگووت (كۆماری عێراقی فیدراڵ! !).